رووداوەکانی سودان، شەڕش یا ئاپەرینی جەماوەری؟!! … ئەبوار عارف

چوار مانگە بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی خەلکی سەرکوتکراوی سودان بە دەستبەرکردنی ژیانێکی باشتر هاتوونەتە مەیدان و جەماوەرێکی فراوان لەخەلکی کریکارو زەحمەتکیش ولاوان و ژنان تیدا بەشدارە دژ بوودەسەلاتە ستەمگرە میلیتاریستیە ئیسلامیەی دوێنی عمر بەشیرو ئەمڕۆی هەمان حکومەتی کاتی. لەمبارەوە دەتوانین بڵێین کە بزوتنەوەی ژنان و برزوتنەوەی کریکاری دەوریکی کاریگەریان هەبوو لە پاشەکشە پێکردنەکانی تائیستەی ئەم دەسەلاتەدا. لەئیستەدا کار گەشتووە بەوەی کە دوابەدوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە چالاکوانان زیندان کراون وهەروەها زیاتر لە 100 کەس گیانیان لە دەستداوەو 500 کەیش بریندارکراون، ئیتر سەنگەری ئاوەستانەوەی خەڵک فراوانیەکی زیاتری بەخۆیەوە بینیوەو تا سەرئەنجام یاخیبوونی مەدەنی دەستی پێکرد کە (تجمع المهنين السودانين) سەرپەرشتی ناڕەزایەتیەکان دەکات. تا ئەوکاتەی کە ئەنجومەنی سەربازی سودان کەخەی وەک جێنیشینی عومەر بەشیر ناساندەوە، دەسەڵاتکەی ئادەستی حکومەتێکی مەدەنی بکات…تائیرە ڕەشنە بەدەر لەوەی کە ئایندەی ئەم جوڵانەوەیە بچێ دڵگات، خواست ودواکانی ئەو خەڵکە بشمێنەتە بەرهەقەو بەدڵنیای جیگەی پشگیری کردن و داکوکی کردنی هەموو ئازادیخوازو سوسیالیستیکە!

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەویە کە هەندێک لە لێکدانەوەکانی هاوری یان، ئەم راپەرینە جەماوەریەی سودان، بە شەرش لە قەڵەم دەدەن، کە بەهەموو جیاوازیەکانیشیەوە هیشتا بازنەی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی تێنەپەڕاندووە. هێشتا چینی کرێکار لە ڕووی سیاسیەوە بە ئاسەی سوسیالیستی خۆی چەکدارنەبووە. هیشتا تەحزوبی سیاسی وچینایەتی لاوازەو لەئاستی پێویستدا نیە. هێشتا کەی پێشرەویەکانی بزوتنەوەی کریکاری وبزوتنەوەی ژنان نێک نەیتوانیووە وەک ئەڵتەرناتیڤێک خۆی بناسینیت، بەڵکو ئاماژەکانی تائیستە ئەم ئاگاڕی کەمرەنگترکردوەتەوە. هەربۆیە ئەم جوڵانەوەیە لەئیستەدا لەئاستیکدایە کە هەرکەسێکی چەپ وسوسالیست پشگیری لە داخوازیەکانی بکات لە چوارچیوەی ئاپەرنێکی جەماوەریدا، نێک ئەوەی کە هەندێ لە هاوری یان خەریکن بەرگی شەرشیان بەبەردا دەکەن و بە لیدانی

شیپاری شەش مزگەنی ئایندەیەکی بەرابەرخوازانە بەخەلکی بدەن. کە بەدلنیایەوە دوکەلی ئەم بانگەشە وهەمیە پیش هەموو کەس ولایەنیک دوکەلەکەی دەچێتە چاوی سوسیالیستەکان و بزوتنەوەی سوسیالیستی باجەکەی دەدات!

بۆیە دەلیم هاوری محسین کریم ئەمە شەرش نیە!

ئەستۆ بابینەوە سەر هەکاری نووسینی ئەم بابەتە لەلایەن منەوە، کە لەئاستیدا ئاوەستانیکە لەسەر هەوەست و لیکدانەوەی یەکێک لەو هاوری کەمۆنیستانەی کە چەندین دەهەیە لەریزی پێشەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستاندایە کە ئۆیش هاوری محسین کریمە. بەڵی هاوری ناوبراو، دواین وتاری خۆی تەرخان کردوە بۆ هەڵوەست وەرگرتنێک لەپێیوەند بە راپەرینە جەماوەریەکەی سودان و وەک شەرشێک لەقەڵەمی دەدات. لەمبارەشەوە لە نووسیکیدا بۆ ناوی (سودان و ئایندەی شەشێک کە بەکەوتوە!) کە تەنیا 32 دەرە بەلام 32 جار وشەی شۆرش وشۆشگێری تیدا بەکارهێناوە کەی هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردوە کە بەخوێنەر بڵێ ئەوەی کە ئەمڕۆژانە لە سودان دەیبینین، ئەوە شۆرشە. بۆیە تەواوی فاکت ولیکدانەوەکانی لەسەر ئەو دەخە تەنیا بەمەبەستی شەرعیەتدانی بەرپا بوونی شەرشە. نەمویست زەر بچمە نیو فاکت و پەرەگرافەکانی هاورێ، چونکە کەی گشتی وتارەکەی بۆ نەفەس و میتۆدی پەرپا بوونی شورش لەسودانا نووسیوە. بۆیە ئەوەی لەرەدا مەبەستمە هەڵوەستەکردنیکە لەسەر بەکارهێنانی تەرمی شۆرش بۆ ڕووداوەکانی ئەمڕۆژانەی سودان.

بەر لەهەرشتێک جێگەی خۆیەتی ئەو پرسیارە لەخەمان بکەین کە ئایا بەڵای سوسیالیسیت و کەمۆنیستەکانەوە بۆ چ ڕووداو هاتنەمەیدانێک دەڵین شەرش؟! َ دیارە ئەم باسە جێگەی تیاراما نیکی جدیو ناکرێت ئاسان بازی بەسەردابدەین، چونکە باسەکە بەهەڵە بەکارهێنانی زاروەیێک یان چەمکێکی سیاسی نیە. بەڵکو لە راستدا لە میژووی بزوتنەوەی کەمۆنیستیدا زەرجار ئەم زاراوەیە بووتە هۆنی ئاراستەو ڕونگەی جیاواز لە نیو حزبەکان کە نەک تەنیا ئەنجامگیری نەخوازراوی لێکەوتوتەوە، بەڵکو تەنانەت هەندیک جار لێکترازانی ریزی حزبە کەمۆنیستەکانیشی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئاخر دواجار چارنووسی بزوتنەوەی کەمۆنیستی بە ئەنجامدانی شەشەوە گرێدرا. بە دەربرینێک ئەوە شەرشە کە مامانی هەموو خۆنەکانی ئەم بزوتنەوەیەو گورینی هاوکێشە چینایەتیەکانی کەمڵگایە، بۆیە جێگەی خۆیەتی فکەسی باسەکە لەسەر ئەوە ڕاگرین کە ئایا ئەمەی لە سودان ڕووەدات شەرشە یانا ؟!

هاوری محسین لەو باسدا تەواوی فاکت و لێکدانەوەکانی خۆی بە ئەو ئەنجامگیریە تەرخان دەکات کە پێمان بڵێ ئەوەی لە سودان ڕووداوە شۆڕشە. ئایا کۆمۆنیستەکان بە هەموو هێزەوە بەرەنگاری ئەو ڕووداوانە ئیلهامبەخش وەک شۆڕشی لەقەڵەم بدرین. بەڵام ئەمە پێچەوانەکەشی دروستە، کەهەر جوڵانەوەو ڕاپەڕینێک ئامادەی و حزووری سیاسی چینی کرێکار تێدا بالادەست نەبوو هاوکات ڕابەرانی ئەم بزووتنەوەیە نەبوونە سیمبولی کۆسپایەتیە ناسراوەکانی ئەو بزووتنەوەیەو جلەوی دەخەکێیان لەدەستدا نەبوو. جوڵانەوەیەک کە کۆمۆنیستەکان نەتوانن تێدا مۆری خۆیان بدەن لە ئالوگۆڕکان بە ئاسایەکی ڕەشنەوە دەخالەتگەری سیاسی ونەخشەو پیلانی هەنگاو بەهەنگاوی بە دانپڕیژن کە بەدڵنیای زۆریکیان لە جۆرگەی کێشمەکێش و ڕووداوکاندا دینەپێشەوە، ئەوا ناتوانین بەو جوڵانەوەیە بڵێن شۆڕش! هەربۆیە کاتێک کە کرێکارانی کۆمۆنیست باس لە شۆڕش دەکەن بەواتای باسکردنە لە نزیک بوونەوەی دەسەلاتی سیاسی خۆیان لەڕێگەی شوراکانەوە. چونکە گەلێک ڕووداو ڕاپەڕینیشمان بینی کە "شۆڕش" و "شۆڕشگێڕ"تیکانیان بووتە هەوێنی خولقاندنی تراژیای گەورەترو زیاتر بە کریکاران زەحمەکیشان، کە نموونەی بالایان "شۆڕشی جمهوری ئیسلامی ئێران" کە بەدڵنیای کرێکاری کۆمۆنیست دەبێت بەلێبروانترین شەواز هەلویست بگرن لەبەرامبەر بەو جۆرە شۆڕش و شۆڕشگێڕیتیە.

بەبۆای من بۆکارهێنانی تەرمنۆلۆژی شۆڕش بە کۆمۆنیستەکان دەربینیکی ئارەزومەندانەنیە، بەڵکو ئەوەی کە ئایا چەند لە ئامادەکاریکانی کەی بارودۆخ و ئامادەی چینی کریکاری لە ڕووی عەینی و زهنیەو دڵنیاین و خۆمان لە بنیادنانی ئەو دۆخەدا دەبینینەو... هەر بۆیە کاتێک کە باسی شۆڕش دەکەین دیارە مەبەستمان شۆڕشێکە کە ئاو بە ئاشی بەرژەوەندیەکانی چینی کریکارو زەربەی هەرە زۆری خاڵکی زەحمەتکێشی کۆمۆنگا دەکات. بۆیە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەوەی ئەمڕۆ لە سودان دا ڕووەدات شایستەی ئەوەیە کە بە شۆڕش ناوزەد بکرێت، ئایا بەکردەوە ئەمە شۆڕشێکە بە تێکشکاندنی ئەو قلشتە چینایەتیەو لەناوبردنی ستەم و چەوسانەوەی چینایەتی؟!

((بۆ کرێکارانی کۆمۆنیست شۆڕش بە واتای هاپەیمانی چینی کریکار دێت بە مەبەستی بەکردەوە دەرهێنانی سەراپای ئەم گۆڕانکاریە مەزنە کۆمەڵایەتیە. خەبات لەپێناو ئازادی، یەکسانی و حکومەتی کرێکاری. ئەگەر کرێکار بێتە مەیدانی سیاسەتەوە، ئەبێ لە پێناوی ئەم ئامانجەدا بێت.

ئەبێ بە وێنەی هاوڕێی زگاری تەواوی کۆمەڵگا بێتە مەیدان. سەردەمی پەلکێشکردنی کرێکاران بە شوێن ئەم و ئەودا بەسەرچووە. هەوتی کۆمۆنیستی لە نێو دەروونی چینی کرێکاردا ئامانجی خۆی بەوە داناوە کە کرێکاران بۆ ئەم ئاسۆیە ئامادە بکات و جووڵانەوەی سەربەخۆی کرێکاران لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و ئەنجامدانی شۆڕشی کرێکاریدا ڕێکبخات)).

بەڵام ئایا بەراستی ئەوەی کە ئەمڕۆ لە شەقامی سودانا بەدی دەکرێت هەوڵێکە بۆ ئایندەیەکی باشتری چینی کریکارو بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کرێکاری، یان بکردەوە ئەم ناوزەدکردنەی ڕاپەڕین و جواندنی بۆ شەرش دەتوانێت لە ڕۆژگاریکدا نائومیدیەکی گەورەترەو زیانبار بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەکیش بینیتە پیشەوە. کە بەبڕوای من ئیمە لەوەها هەلویستیک بەرپرسیارین و دەبێت بۆ وریاییەکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەین و لەهەوڵی لیکدانەوە ئاراستەکردنیدا بین. نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین کە تەنیا کاتیک باسکردن لە بوونی شەرش دروستە کە چینی کرێکار لەژێر ئاڵای سەربەخۆی خۆیدا بۆ ئامانجیکی شۆڕشگیرانە ڕێکخرابێت و ئاسۆو ئامانجەکانی شەرشی بەلاوە دیارو ڕوشن بێت. ئاخر لەم سالانەی ڕابردودا کەم نەبوون ئەو کۆمۆنیستانەی کە بەهاتوهاوارەکانی سوریا، لیبیا، میسر، تونس، ئیران و تەنانەت بۆ ڕووداوەکانی 17 شوباتیشیان دەگوت شەرش، بەڵام ئەنجامەکانیمان بینیەوەو دەزانین هەندیک لەم ڕووداو ڕاپەڕینانە چۆنە بزوتنەوەی کریکاری وسوسیالیستی پاشەکشە پیکرد. بۆیە چاوەڕانی کردن لەوەی کە کۆمۆنیست و سوسیالیستەکان لەمبارەوە ووردبینیەکی تەواو بخەرج بدەن، ئەو هەلویستەیە کە دەتوانیت وەهمی کۆمەڵگا لەهەر هاتنەمەیدانیک ڕشنتر بکاتەوەو هیوادار تري بکات نەك نائومیدەوارتر!